کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-6-2007 22:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ: بەرێزان مەکتەبی سیاسی +مکتەبی رێکخستن +دڵسۆزانی (ی. ن. ک) .. [دێوەخانێکی گەورەو بی نان، مەڵبەندێکی وێرانەووشارێکی بیریکخستن] ... ئاشتی

کفری

دوای بیروراگۆرینەوەیەکی زۆر لەلایەن کادیرانی پێشکەوتووی (ی. ن. ك) وە مەکتەبی سیاسی بۆزیاتر گەشەکردنی رێکخستن وکارەکانی یەکیتی بەگشتی بریاری کردنەوەی مەڵبەندی دا، بۆ هەر قەزایەك مەڵبەندێکی رێکخستن بکاتەوە، کفریش وەك قەزاکانی تر مەڵبەندی بۆکرایەوە. بەلام دونیا رێکخستن وحزبایەتی واتا کۆکردنەوەی ئەندام وخەڵك لە دەوری بەرنامەورێنمای کردنیان. بەلام ئەوە بۆماوەی سالێك دەچێت مەڵبەندی (26) ی بەناو رێکخستنی کفری لە سنوری کۆمیتەی کفری بەتابیەت وسنوری کۆمیتەکانی تر رێکخستن ئەندامانی بەگشتی فرامۆش کردووە. تائیستا یەك کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆمیتەکانیشیان بەتەوای نەکردوە نەوك کۆبونەوی پۆڵ وکەرت وفراوانی رێکخستن، جگە لەزیان بە یەکێتی وریزەکانی ریکخستن هیچ خزمەتێکی بەرچاویان نەگەیاندوە ئۆرگانەکانی بوەتە دێوەخانی گەورە بەلام کەس رووری تێناکانت. لە گەرمیانی ئیمە دەڵێن نان بەرووی خاوەنماڵەوە دەخورێت بەرێزان.. من وەکو کادیرێکی دڵسۆز وخەمخۆری رێکخستن بەئەرکی خۆمی دەزانم بەرێزتان ئاگاداربکەمەوە کەجگە لەقەیرانە گشتیەکەی یەکێتی وتەکەتوولاتوت وململانیە وناکۆکیە گشتیەکەی ناوخۆی یەکیتی. مەڵبەندی کفری لەو رۆژەی کە لە شاری کفری دامەزراوە هیچ ئەرك وکارێك و مهامێکی خۆی بەجی نەگەیاندولە ئاستی ئەو بەرپرسایەتیە گەورەیە نی یە، چونکە تائەمرۆ لە هەولی چاندنی تۆی دوو بەرکیە لە نیوان بێکهاتەو تایەفەو رێکخستن وئەندامانی یەکێتیە بەگشتی لە سنوری مەڵبەند چونکە ئەوان نانی ئەو بیرانەیان دەخۆن. تائەمرۆ کۆمیتەی کفری بەگشتی فرامۆش کراوە کە خاوەندی زیاتر لە (5) پینج هەزار ئەندامە، بربڕەی پشتی مەڵبەندەکەیە. بەرێز لێپرسراوی مەڵبەندی کفری دەڵیت ئیمە حزبێکی سۆسیالست دیموکراتین، پێویستمان بە کۆمیتە و ئەندامانی نی یە لە سنوری قەزای کفری میزانەی مەڵبەند زۆر زۆرە بەشی گشت کارەتایبەتیەکانی خۆمان دەکات، کە ئێمە نایزانی چیە!مەبەستی چیە بەرێزی، بۆیە داواکارین لە بەرێزتان هەرچی زوە فریای مەڵبەندی کفری بکەون ئەگەر هەڤالانی مەڵبەند بەردەوام بن لە سەر ئەوە کارانەیان کەتەنها بیر لە بەرژەوەندی تاکی دەستەی گارگێری دەکەنەوە ئەوەندە بیر لە بەرژەوەندی گشتی یەکێتی وخوێنی شەهیدان و ئەنفال کراوەکانی ناکەنەوە. ئەگەر چاوەروانی دەست و بەرنامەکانی ئەو هەڤالانە بین کەبەشێکی زۆریان لە دەرەوەی کفریەوە هاتوون ولە سنورە راستەقینەکانی خۆیان هەڵهاتوون وخەڵکی لە خۆیان باشتر دەیان ناسن لە جێگایی نیشتەجی بوونیان وکەچین وخاوەنی چی رابردویەکن رادەی گەندەڵیان بەکۆی گەیشتووە بە چی چاوێکەوە تەماشای ژنە شەهیدەکانمان دەکەن دڵنیابن یەکیتی لە سایەی ئەواندا رۆژ بەرۆژ خەڵکی لی ڕەو دەکات هەنگاوبەهەنگا بۆ دواوە دەڕوات. بەهاوپیرۆزیەکانی یەکیتی وسەروەریەکان و ڕابردووی نەوەك گەشەی پی نادەن بەڵکو نایشی پارێزن بەهیواین چارەسەرێکی گونجاو بۆکیشەکانی مەڵبەندی کفری بدۆزنەوە چاودێریەکی تابیەتیان بکەن بۆ ئەوەی دیسپلینی حزبی بپارێزن وپلەو پایەی حزبی خراپ بەکارنەهێن لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان وبنەماڵەکەیانیان پێویستە هەموان یەك ریزی یەکێتی بپارێزین وهەمووان لە خزمەتی داهاتووی یەکێتیبین بەرێبەرایەتی جەنابی مام جەلاڵ.. لەگەڵ رێزدا

ئاشتی /کفری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.